بۆ هەر پرسیارێکی جنسی وەڵامێکی خۆی هەیە

# پەنجا
# پرسیار و وەڵام
# تایبەت بە ژیانی ژن و مێردایەتی

کتێبی

(( ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر ))

==========================================================


**ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان**

**ba8.org**

**walamakan.com**

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

*** پێشەکی :**

إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدَاً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴿١٠٢﴾﴾ [آل عمران].

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴿١﴾﴾ [النساء] .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ﴿٧٠﴾ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾﴾ [الأحزاب] .

أَمَّا بَعْدُ :فَإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَسَلَّمَ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**برا و خوشکی موسڵمان :**

**ئەم کتێبەری بەردەستت بریتیە لە وەلامی پەنجا پرسیاری تایبەت بە ژیانی ژن و مێردایەتی ، و گرنگە ئەو بەڕێزانەی دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە ئەم کتێبەیە بخوێننەوە.**

**١/ پرسیار: چۆن دەكرێ هاوسەنگی جنسی نێوان ژن و مێرد دروست ببێت؟**

وەڵام: جێی داخە هەندێ پیاو(مێرد) تەنها قەناعەتیان بە چێژ وەرگرتنی خۆیان هەیە، چاوەڕوانی ئەوە ناكەن ژنەكەشیان چێژ و خۆشی وەرگرێ، دیارە ئەمەش دەبێتە هۆی تورە بونی ژنەكەی بەهۆی كارە جنسی یەكەی و خۆویستیەكەی، چونكە ژنیش حەز دەكات وەك مێردەكەی چێژ وەرگرێ، وەك قاعیدەكی گشتیش، یەكەم جار پیاو زوتر لە ژن دەگاتە چێژ و خۆشی و ئاوی دێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر پیاو هەوڵ بدات مەنییەكەی زو نەیەتە دەر و دوای بخات، گوتراویشە ژیانی ژن و مێردی سەركەوتو لەسەر ئەوە وەستاوە، كە هەردوكیان بەیەكەوە دەگەنە چێژ و خۆشی... جا لەبەر ئەوەی پیاو هۆكاری موجەبی كاری جنسییە، پێویستە لەسەری كۆنترۆڵی خۆی و جیماعەكەی بكات، بۆ ئەوەی هەردو لا بگەنە مەبەستی ئەو جیماعە، چێژ وەرگرتنی یەكتری هەردەم بۆ هەردو لا باشترە...

**٢/ پرسیار: ئەو دەرمانە پزیشكی یانە چین، كە ئەندامەكانی زاوزێ بە هێز دەكەن؟**

وەڵام: دەكرێ بگوترێ گرتنە بەری رێگای ناسروشتی بۆ بەهێز كردنی ئەندامەكانی زاوزێ، بە واتای بەكارهێنانی دەرمانەكانی پزیشكی و دەرمانە بە هێزكەرەكان، سودێكی كاتییان هەیە، هەر دوای بەكارهێنانی، كاری خۆی دەكات، پاشان هێندەی پێ ناچێ مرۆڤ هەست بە كاردانەوەی ئەم دەرمانە دەكات و، وردە وردە هێزە جنسییەكەی كز دەبێت.. ئێمە ئامۆژگاری گەنجان دەكەین، ئەم دەرمانە پزیشكییانە بەكار نەهێنن، لەبەر ئەوەی هێزی جنسی بە شێوەیەكی كاتی بە هێز دەكات، پاشان هێندەی پێ ناچێ بەرەو نەمان دەچێت.

هەر كەسێك دەیەوێ هێزە جنسییەكەی بە هێز بێت، با دوای رێسا(قواعد)ە سروشتییەكان بكەوێت، وەك وەرزش و پشودان و خۆراك، دوركەوتنەوە لە غەم و دڵەڕاوكێ و شتی تر، چونكە پشودانی دەرونی لە گەورەترین هۆیەكانی چالاك كردنی هێزی جنسییە، چونكە هەر هەڵەیەك لە بەكارهێنانی دەرمانە بە هێزكەرە دەستكردەكان رو بدات" زیانێكی زۆر لە وەرگرەكەی دەدات، كە تەنها زیان بە ئەندامەكانی زاوزێ ناگەیەنێ، بەڵكە كار لە تەندروستی گشتی مرۆڤ دەكات.

**٣/ پرسيار: لە دوای ميز كردن شلەيەكی مەنی دێتە دەرەوە، ئايا هۆی ئەمە چييە؟ ئايا كار دەكاتە سەر تەندروستی مرۆڤ.؟ چارەسەرەكەی چييە؟**

وەڵام: گەر ئەو شلە مەنييە كەم بو، ئەوا هيچ زيانی نييە، كە هۆيەكەی بۆ فراوانی داقلێشان دەگەڕێتەوە و لە ئاكامی قەبزی يەوە دروست دەبێت، كە پاڵ بە پێكهاتوەكانی شلەی مەنی كۆكراوە دەنێت، كە لە ئاكامی دەرنەچونييەوە دەگەڵ ميز بێتە دەرەوە.

بەڵام گەر بۆ ماوەيەكی درێژخايەن بەردەوام بو، ئەو دڵۆپە ئاوە زۆر هاتە دەرەوە، ئەوا ئەو حاڵەتە حاڵەتی نەخۆشييە و، بەڵگەی كزی دەمارە لە گوشراوەكان دا، يان هەوكردنی پرۆستاتە، كە بە بەكار هێنانی ڤيتامين (E) و ئۆكۆتين چارەسەر دەكرێت، چونكە بە بەردەوام دەرچونی ئەو دڵۆپە مەنی يە كار لە تەندروستی گشتی دەكات.

لەسەر گەنج پێويستە هەردەم لە شتە وروژێنەرەكانی وەك ئەو شوێنە ئارەزووبازانەی، كە ديمەنی روت، يان دەستبازی جنسی، يان خوێندنەوەی چيرۆك و كتێبە جنس بزوێنەكان دور بكەوێتەوە.

پێويستە نەهێڵرێ قەبز بێ، با ئەو شتە نەرم كەرەوانە بخوات كە يارپدەدەری بەتاڵ كردنی ريخۆڵە دەدات، هەروا بوار نەدان بە كۆبونەوە و بەسەر يەكدا كەوتنی ماددە پيسەكان لە كۆم دا، باش وايە ئەو ماددانەی ئاماژەمان بۆ كرد بەسەرپەرشتی پزيشك، بەكار بهێنرێت.

**٤/ پرسيار: مەنی چی يە؟**

وەڵام: بڕی ئەو مەنييەی كە پياو لە يەك جار فڕێی دەدات لە نێوان (پێنج) تا (دە) سانتيمەتر موكەعەبە، يەك سانتيمەتری موكەعەبی ئەو شلەيە لە نزيكەی شەست مليۆن گيانداری تۆواوی (حيوان منوي) پێك دێت، گەر مەنی سروشتی لە ژێر ميكرۆسكۆب بپشكنين، ئەوا ژمارەيەكی زۆری (حيوانات منوية)ی چالاكی بەهێزی پێكهاتو لە ماددەی (سبرمن)ی تێدايە.

دكتۆر (فون بوهل) لە زانكۆی لينينغراد بە دياری خستوە" گەر ماددەی سبرمن بخرێتە جەستەی مرۆڤ، ئەوا سودی پێ دەبەخشێ، ئەمەش شوێنەواری بەهێزكەری جوتبون لە لای ئافرەتانمان بۆ راڤە دەكات، گومانی تێدا نييە بەشێك لەو مەنييە، ئەندامی زاوزێی ئافرەت دەيمژێ.

### ٥/ پرسیار: هۆیەکانی کزی گیانداری تۆواوی چییە؟

وەڵام: گرنگترین هۆیەکانی کزی گیاندارە تۆواوییەکان بریتییە لە:

١- بێ هێزی گشتی، کە جەستە دوچاری دەبێ.

٢- سەیلانی توند کە کار دەکاتە سەر جوتە هێلکەی گون.

٣- سەیلانی کەڤنار (مزمن).

٤- زهری.

٥- سیل.

٦- زیادەڕۆیی کردن لە جوتبون.

٧- هەندێ جۆری تەسکی، کە قەنەواتی تۆواوی دوچاری دەبێت.

٨- دەست پەڕ (العادة السرية).

٩- زۆری ترشەڵۆك لە گوڵێنك(مهبل)دا.

### ٦/ پرسیار: پەیوەندی نێوان مەمك و کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت چییە؟

وەڵام: پەیوەندییەکانی نێوانیان زۆر توند و تۆڵە، تەنانەت هەر چ شتێك کار لە یەکێکیان بکات کار لەوی تریش دەکات.. خوێندنەوەی چیرۆك و گێڕانەوە وروژێنەرەکان و تەماشا کردنی ئەو فلیمانەی وەسفی ئەو شتانەی وەك ئەو دەکات، کارێکی خراپ دەکاتە سەر کۆئەندامی زاوزێی ئافرەت، کە مەمکەکانیش دەگرێتەوە.. ئەرکی هەمو کچێکە سور بێ لەسەر پاراستنی مەمکەکانی، ئەویش بە دور کەوتنەوە لە هەر شتێك کە زیان بە کۆئەندامی زاوزێی دەگەیەنێ، هەروەها کۆئەندامی دەمارەکانیش.. فەرامۆش کردنی گرنگی دان بە مەمکەکان کاریگەرییەکی زیانبەخش دەکاتە سەر هەردوکیان و، سەر ئەو جوانییەی پێویستە تیایاندا هەبێت.. یاری پێ کردنی پیاو بە مەمکی خێزانەکەی و مژینی سەرەگۆیەکەی، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بۆ وروژاندنی جنسی ئافرەت.

**٧/ پرسیار: گوتەی پزیشکیی لەمەڕ کزی جنسی (الضعف الجنسي) چییە، ئایا دەکرێ دەرمان ببێتە چارەسەر؟**

وەڵام: بێ گومان دەرمان کاریگەری زۆری هەیە لە چارەسەر کردنی کزی جنسیدا، دەرمانی وا هەیە دەکرێ بۆ ئەم نەخۆشیە بەکار بهێنرێت، بەڵام هەندێ دەرمان هەیە نابێ بەکار بهێنرێت، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی نەخۆشی فعلیدا، کە بەکار هێنانیشی پێویستە لە ژێر چاودێری و ڕێنمایی پزیشك بێت.

**٨/ پرسیار: هۆیەکانی کزی جنسی چییە؟**

وەڵام: کزی جنسی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك، گرنگترینیان بەکارهێنانی ئامێری زاوزێ بە زو جوتبون و زیادەڕۆیی کردن لە جوتبون، یان دەست پەڕ(العادة السرية) کردن، یان دابەزینی تەندروستی گشتی و ماندوکردنی جەستەیی و عەقڵی و هەندێ نەخۆشی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی دەرونی (نەفسی).. سروشتیشە کزی جنسی، جگە لە هۆیەکانی، ببێتە مایەی بێ هێز کردنی ئامێری زاوزێ یان کامڵ نەکردنی هێزی ئامێرەکە، لەبەر ئەوە وا دەبینین ماندوبون و کەم نوستن لە نێو ئەو هۆیانەیە، کە دەبێتە هۆی کزی جنسی، بە گوزارش(تعبیر)ێکی تر هەر چ شتێك ببێتە هۆی بێ هێز کردنی کۆئەندامی دەمار، ئەوا لە هۆیەکانی کزی جنسی دادەنرێت.

نەخۆشییەکانی بڕبڕەی پشت کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و خراپی لەسەر ئامێری زاوزێ هەیە، بەڵکە دەبێتە مایەی گرفتێکی کوللی و، نەخۆشییەکانی زاوزێ- وەك زوهری و سەیلان- کاریگەریان لە کزی جنسی هەیە.

هەروەها تێك چون و شڵەژانی کۆئەندامی هەرس بە جۆرە جیاجیاکانییەوە دەبێتە هۆی کزی جنسی، بە پێچەوانەی ئەوەی لە نێو خەڵکیدا باوە، ماددە بێ هۆش کەرەکان بەهەمو جۆرەکانییەوە، وەك حەشیشە و کۆکاین و تریاك، کار دەکاتە سەر کزی جنسی، چونکە ئەو هێزە جنسییەی مرۆڤ، لەیەکەم کاتی خواردنی ئەو ماددە بێ هۆش کەرانە، هەستی پێ دەکات، تەنها هێزێکی لەناو چوە، هێندەی پێ ناچێ بەرەو کزی وەردەگەڕێ و پێویست بە چارەسەر دەکات. بە دیاریش کەوتوە جگەرە کێشان کاریگەری لە کز کردنی جنسیدا هەیە، ئەم گوتەیەش بە شێوەیەکی گشتی لەسەر مەی(عرق) پیادە دەبێ.

لە هۆیەکانی کزی جنسی ئەوەیە، هەندێك لە پیاوان لە کاتی جوتبوندا، بە مەبەستی سك پڕ نەبون، تۆیەکەی لە دەرە دەهێننە دەرەوە.

زانراویشە کە زۆر دەست پەڕ کردن هۆیەکی سەرەکییە لە هۆیەکانی کزی جنسی.

**٩/ پرسیار: پزیشکان دەڵێن (ترسان) هۆیەکە لە هۆیەکانی کزی جنسی! جا مەبەست لەم گوتەیە چییە و مانای چییە؟**

وەڵام: ترس لە کزی جنسیدا کاریگەری خۆی هەیە، نکوڵی لێ ناکرێ، کە بە چەند دیاردەیەك و شێوەی جیا خۆی دەنوێنێ، وەك ترسان لە دوچار بون بە نەخۆشییەکی پیس، ئەوەش لە حاڵەتی جوتبون دەگەڵ ئافرەتێکی گومان لێکراو، یان لەوانەیە ترسەکە لە ئاشکرا بونی کارەکەی بێت، گەر جوتبونەکە ناشەرعی بێت، یان ترسان لە سك پڕ بونی ئافرەتەکە، جا بەهەر هۆیەك بێت نەیەوێ سکی پڕ ببێ، یان ترسان لە زیان گەیاندن و ئازاردانی ئافرەتەکە.

جاری وا هەیە بە خەیاڵی پیاودا دێ، کە ناتوانێ جوت ببێ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەست کردنی مرۆڤ بە کەم و کورتی لە بێ هێزی پێکهاتەی ئامێری زاوزێیدا، یان بێ هێزی لە خودی توانا جنسییەکەیدا، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە" ترسان لە جوتبون، گەر سنورێکی بۆ دانەنرێ، دەبێتە حەقیقەتێکی واقیعی، گەورەترین هۆیەکانی هەست کردن بە ترس" ترسانە لە قەبارەی ئەندامی زاوزێ، کە زۆر جار هەستە کردنەکە وەهمییە و هیچ شوێنەوارێك و مەترسییەکی نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی ئەو کەسە بە شێوازی ئامێری زاوزێ و فیسیۆلۆجی و زانیارییەکانی تری پەیوەندی دار بەم مەبەستە.

**١٠/ پرسیار: شوێنەواری پیشە، یان حاڵەتی دەرونی لە دوچار بون بە کزی جنسی چییە؟**

وەڵام: شتێکی نەگۆڕە ئەو پیشەیەی مرۆڤ کردویەتییە پیشەی خۆی، هەروەها حاڵەتی دەرونیش لە مومارەسە کردنی کردەی جنسیدا، کاریگەریان هەیە و شوێنەواریان دیارە و نکوڵی ناکرێ لە توش بون بە کزی جنسی.

ئەو پیشانەی سروشتێکی وەستاویان هەیە و پێویستی بە جوڵە نییە و کەم جوڵەن بۆ چەند سەعاتێکی درێژ خایەن، زیانێکی زۆر بە هێزی جنسی دەگەیەنێ، هەندێ پیشە پێویستی بە دەستا و دەست کردنی کانزاکان یان پێکهاتە ژەهراوییەکان هەیە، بە هۆی کارتێکردنی لە سەر دەمارەکان، دەبێتە هۆی کزی جنسی.

بەڵام سەبارەت بە حاڵەتی دەرونییەوە، کزی جنسی بە زۆری، یان لەنکاوە(طارئ) یان کاتییە، کە هێندەی پێ ناچێ نامێنێ بە نەمانی، ئەو هۆیانەی دەبنە مایەی ئەو کزییە.

شوێنەواری حاڵەتی دەرونی لە کزی جنسیدا، تەنها لەسەر بێ هێز و لاواز و نەخۆشی کورت هەڵنەهاتوە،

بەڵکە تەندروست باشەکانیش دەگرێتەوە، زۆریش پێویست بە گرنگی پێ دان ناکات، چونکە زۆر جار بۆ خۆی نامێنێ.

لەوانەیە هەمو پیاوێکی لەش ساغ بە هۆی چەند هۆیەکی دەرونی، دوچاری کزییەکی جنسی کاتی ببێت؟ خەم و پەژارە و هەراسان بون بە هۆی گرفتەکانی کارکردن، یان ماڵ و سامان یان غەیری ئەمە، لەوانەیە بۆ کاتێك ببێتە لەدەست دانی توانای زاوزێی پیاو، هەروەها گەر پیاو لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕوبەڕوی گرفتێك ببێت، کە بە زەحمەت چارەسەر بکرێت و عەقڵی سەرقاڵ بکات، ئەوا توانای زاوزێ کردنی کز دەبێت، چونکە عەقڵ، تا سنورێك بەم گرفتەوە سەرقاڵ دەبێت، کە هەمو شتێك دەگەڵ خۆی فەرامۆش دەکات، بەڵکە زۆر جار مرۆڤ خواردنەکەشی فەرامۆش دەکات و ئارەزوی خواردنی نامێنێ، گەر هەندێك کەس هەرگیز ئەم حاڵەتە لە ناکاو(طارئ)انەی کزی جنسی تاقی نەکردبێتەوە، مانای ئەوە ناگەیەنێ لە لایەنی جنسییەوە لەو کەسانە بەهێزترن، کە ئەم حاڵەتانەیان بەسەردا هاتوە، بەڵکە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو کەسانە لە ژیانیاندا توشی تەنگ و چەڵەمەی دەرونی توند و ناخۆش نەبون، یان ئەو کەسانە لەو جۆرە کەسانە بن، کە گرنگی بە گرفت و ئاستەنگ و زەحمەتەکانی ژیان نادەن.

**١١/ پرسیار: زۆر گوێمان لە (وەرزشی جنسی) دەبێت، کە بۆ چارەسەری کزی جنسی بەکار دەهێنرێت، بێ ئەوەی فیکرەیەکمان لە ماهییەتییەوە هەبێ.. جا ئەو وەرزشە چییە و چۆن ئەنجام دەدرێ؟**

وەڵام: وەرزشی جنسی لە چارەسەر کردنی کزی جنسی و بەهێز کردنی ماوەی رەپ بون (الإنتصاب)، بۆ ماوەیەکی زۆر سودی هەیە، ئەم کردەیەش بەوە ئەنجام دەدرێ، کە پێش ئەنجام دانی کردەی جنسی (جوتبون)، پارچە قوماشێك و قاپێك سەهۆڵاو بێنێ، پارچە قوماشەکە بە ئاوەکە تەڕ بکرێ و بۆ چەند جارێك ئامێری زاوزێی پیاوی پێ بسڕێتەوە، جا گەر ئەم وەرزشە بۆ چەند جارێك دوبارە کرایەوە، ئەو کزی جنسییە نامێنێ و هێزە جنسییەکەی پیاو بە کاملی دەگەڕێتەوە.

**١٢/ پرسیار: ئایا بە خەیاڵ داهاتن(الإيحاء) کاریگەری لە کزی جنسیدا هەیە؟**

وەڵام: بەڵێ! گەر مرۆڤ وا بە خەیاڵی دابێ، یان هاوڕێکانی، یان کەس و کاری وای تێ بگەیەنن، کە جنسی کزە، ئەوا گەر ویست و کەسایەتییەکەی بێ هێز بێت، بە ڕاستی دوچاری ئەو کزییە دەبێت.

بە پێچەوانەشەوە، گەر بە خەیاڵی دابێت جنسی بە هێزە و دەتوانێ جوت ببێ و لە دەرونی خۆیشیدا ئەمە دوبارە بکاتەوە و، گوێ نەداتە قسەی خەڵکی، بە تایبەتی شەوی گواستنەوە گەر بە زاوا نەبوو، ئەوا توشی کزی جنسی نابێ.

جا متمانە بە خۆوە کردن، هۆیەکی گەورەیە لە هۆیەکانی بەتوانایی و سەرکەوتن، نەك تەنها لە هاوسەرگرتن(الزواج)، بەڵکە لە هەمو ژیان دا، لە فەرمودەی (صحيح)دا هاتوە: ((**إنما العلم بالتعلم، والحلم بالتحلم، ومن يبتغ الخير يلقه، ومن يتق الشر يوقه!!**)).

ئەمە و نابێ پاڕانەوە و بەردەوامی داواکردنی هێز و لێ بوردن و لەش ساغی، لە خوای گەورە لەبیر بکرێ.

**١٣/ پرسیار: هەندێ کەس سکاڵای زو هاتنەوەی مەنی دەکەن، جا هۆیەکەی چییە؟**

وەڵام: ماوەی جوتبون لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازی هەیە، بە گوێرەی جیاوازی ئەو کەسە، هەندێ کەس توانای درێژ خایەنی ماوەی جوتبونی دراوەتێ، کە ئارەزوەکانی خێزانەکەی تێر دەکات، هەندێکی تریش سکاڵای خێرا هاتنەوەی مەنی دەکەن پێش جوتبون بە چەند ساتێك، کە ئەمەش دەبێتە هۆی خەم و پەژارە و دڵ گرانی بۆ پیاو و، تەنگی و وەڕسی بۆ ئافرەتەکە، جا گەر ئەم کارە چەند جار لە لای پیاو دوبارە بێتەوە، ئەوا لە بنەڕەتدا جۆرێك لە ترسانی بۆ دروست دەبێت، کە بیەوێ جوت ببێ، هەر لەگەڵ ئەمەشدا شتێکی تر ڕودەدات، کە بریتییە لە رەپ نەبون (عدم الإنتصاب)، کار دەگاتە حاڵەتی کزی جنسی، کە پێویستی بە چارەسەرێکی تر دەکات.

وا دەبێ خێرا هاتنەوەی مەنی لە پێش جوتبون، هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی جیا جیا، کە پیاو ژیانە جنسییەکەی بە حاڵەتی خێرا هاتنەوەی مەنی دەست پێ دەکات، چونکە لەو کاتەدا لە دەرونی خۆیدا بریاری داوە" دەبێ کردە جنسییەکە ئەنجام بدات، کە لەم مەسەلەیەدا شارەزاییەکی پێشینەی نییە.. جا فەحس کردنی حاڵەتەکانی خێرا هاتنەوەی مەنی، پێویستییەکی زۆری بە لێکۆڵینەوە هەیە، بەر لە گەیشتن بە بڕیاردانی چارەسەرێکی دیاریکراو.

خێرا هاتنەوەی مەنی بە ماندو بونی ئەعساب، دوای یاری و دەست بازییەکی درێژ خایەن بەستراوەتەوە، یان هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هەستیاری بۆڕی میز کردن، ئەم زۆر هەستیاریە، بە تەنها دەتوانێ پیاو دوچاری کاردانەوەیەکی خێرا بکات، کە ئاکامەکەشی خێرا هاتنەوەی مەنی دەبێ. ئا بەم شێوەیە جۆراوجۆری هۆیەکانی خێرا هاتنەوەی مەنی، جۆراوجۆری ڕێگاچارە دەخوازێ.

**١٤/ پرسیار: چارەسەری خێرا هاتنەوەی مەنی بەر لە جوتبون چییە؟**

وەڵام: یەکەم هەنگاوی چارەسەر کردن لەسەر دەست نیشان کردنی هۆی نەخۆشییەکەوە دەوەستێ، جا هەر کاتێك هۆیەکە زانرا ئەو کاتە چارەسەر کردنەکە ئاسان دەبێت، ئەمەش بە هۆی بەگوێکردنی ڕێنماییەکانی پزیشکەوە دێتە دی.

**١٥/ پرسیار: باشترین کاتەکانی جوتبون چ کاتێکە؟**

وەڵام: باشترین کاتەکانی جوتبون ئەو کاتەیە، کە مرۆڤ جەستە و دەرونی ئاسودە(مرتاح) بێت، ئەم ئاسودەییەش بە زۆری دوای نوێژی بەیانیان دەستەبەر دەکرێ، کە ژن و مێرد لەو کاتەدا بە جەستەو دەرونەوە ئاسودەن و، هەلی خەوتنەوەشیان بۆ دەرەخسێ.

**١٦/ پرسیار: باشترین بار (وضع)ی جوتبون چ بارێکە؟**

وەڵام: هەمو جوتبونێك پێویستی بە فیکر هێمنی و خاوی لەش هەیە، هەر جوتبونێك لە بارودۆخێکی شەکەت، یان لە باری ماندویەتی یەوە ئەنجام بدرێ، ئەوا جەستە و ئەعساب ماندو دەکات.

هەندێ کەس بە ڕاوەستانەوە لەگەڵ خێزانیان جوت دەبن، کە ئەمەش زۆر زیان و ئازار بە تەندروستی دەگەیەنێ، جوتبون دوای نان خواردنیش هەمان زیان دەگەیەنێ، باشترین شێوازی جوتبون پاڵکەوتنی ئافرەتە، دەشکرێ هەندێ جار بە پێچەوانەوە بکرێت.

**١٧/ پرسیار: بۆچی هەندێ ئافرەت بە جوتبون ئازاری پێ دەگات؟**

وەڵام: ئەو ئازارەی، یان ئەو تەنگییەی ژن لە کاتی جوتبون هەستی پێ دەکات، دەلالەت لە هەبونی کۆسپێك، یان هەو کردنی بۆڕی زاوزێ دەکات، ئەگەر ئەو ئازار و تەنگییە لە ئەنجامی ڕەفتاری توندی مێردەکەی نەبێت لە

کاتی جوتبوندا، یان نەزانینی پێی... وەك قاعیدەیەکی گشتیش هۆی ئازار، یان تـەنگی نەزۆکییـە... فەحسی پزیشکی ئەوە دەگەیەنێ" ئەو نەزۆکییە زۆر جار دەگەڵ جوتبونێکی بە ئازارەوەیە، ئاکامی خودی کردە جنسییەکە نییە، بەڵکە لە ئاکامی ئەو هۆکارەیە کە دەبێتە مایەی هەست کردن بە ئازار لە کـاتی جوتبونـدا. ئەمـەش بـۆ تەسکی فەتحەی منداڵدان یـان زۆر هەسـتیارییەتی، یـان هـەو کردنـی هـەردو شـفرە دەگرێتـەوە، یـان هـەبونی کولك(قرحة)ی زهری یان فتق، یان هەبونی نەخۆشییەك لە میزڵدان، یان کۆم دا.

**١٨/ پرسیار: هۆی بەرەبەرەکانێیەکانی ژن چییە؟**

وەڵام: هۆیەکانی بەرەبەرەکانێی ژن چەند شتێکن، گرنگترینیان هەڵنەستانی پیاوە بە ئەرکە جنـسییەکەی لـە دەستبازی کردن و یاری و شتی تر، بەم بۆنەیەوە ئەم نوکتە خۆشە باس دەکەین:

پیاوێك هەستی بە بەرەبەرەکانێی خێزانەکەی و فەرامۆش کردنی کار و باری ماڵەوەی دەکرد، جا پیاوەکە لـە پارچە کارتۆنێك ئەم پەندەی نوسی و لە چێشتخانەی هەڵواسی: (کارەکەت بە چاکی بکە، هیواکەت دێتە دی)، جا ژنەکە ئەو پارچە کارتۆنەی هێنا و لەسەر قەرەوێڵەی نوستنی هەڵواسی.

**١٩/ پرسـیار: ئامۆژگاریـت بـۆ پیـاوان چییە، بـۆ ئـەوەی خۆشەویـستی پتـەویان و گـەنجێتیان لـە هێلانەی هاوسەریەتی بپارێزن؟**

وەڵام: پێویستە لە سەر پیاو بە پێی توانا ئەم ئامۆژگاریيانە پیادە بکات:

١- گوڵێکی سوری بۆ ئامادە بکە (بۆ تێبینی یەك گوڵ لە کۆمەڵە گوڵێك سەرنج راکێشەر تر و شاعیری ترە).

٢- هەندێ جار لەسەر جێ، نانی بەیانی دەگەڵ بخۆ.

٣- یادگارییەکانی ڕۆژانی خاڵی و بێکاری، وەك مانگی هەنگوین لە یادت بپارێزە.

٤- لە شوێنی کارەکەت تەلەفۆنی بۆ بکە، پێی بڵێ بیر لە تۆ دەکەمەوە و بیرت دەکەم.

٥- لە ڕۆژانی پشودا دەگەڵ خۆتی ببە بۆ گەشتێکی خاڵی لە خەڵك.

٦- تەسجیلێکی بۆ ئامادە بکە بۆ یادگارییە بە نرخەکانتان.

٧- هەردەم باسی هیوا و ئاواتەکانتی بۆ بکە، بەشداری بکە لە بیرۆکە و هەستەکانت.

٨- سور بە لەسەر کڕینی ئەو بۆنەی، کە خۆی حەزی لێیەتی و بە گوتەیەکی شیرین پێی بڵێ تەنها لە ماڵەوە

بەکاری بهێنێ نەك بۆ دەرەوە.

٩- هەردەم کەل و پەلەکانت بە ڕێك و پێکی دابنێ، جلەکانت ڕێك بخە و بە شوێنی خۆی هەڵواسە، گۆرەوی و پێڵاوەکانت لە خوارەوەی خێزان و لە ژێر کورسی فڕێ مەدە.

١٠- هیچ شتێك لە ماڵەوە فەرامۆش مەکە، کە پێویستی بە چاك کردنەوە، یان گۆڕینەوە هەبێت، هەر چەندە بچوکیش بێت.

١١- هەردەم دەگەڵی بچۆ بۆ کڕینی شت و مەکەکانی.

١٢- هەردەم باسی ئەندازەی دڵخۆشی و گەورەیی و شانازیتی بۆ بکە.

١٣- گەر هەر چ یارییەکی شەرعیتان کرد، لێگەڕێ با بۆ چەند جارێك ئەو لێت بباتەوە.

١٤- هەر دەم بە ئیعجابەوە تەماشای بکە، پیا هەڵدان بە جل و بەرگی و قژ شانە کردنی و شۆخ و شەنگی ئەوت لە بیر نەچێ.

١٥- پێش دەرچونت لە ماڵەوە و، هاتنەوەت بۆ ماڵەوە بە گەرمی ماچی بکە.

١٦- ئارەزو(هیوایە)تێکی نوێ و هاوبەش و خۆشی دەگەڵیدا دەست پێ بکە! باشترینیشی خوێندنەوەی بە سودە.

١٧- هەر چ شتێکت دەزانی دڵخۆشی دەکا و عاتیفە و هەستە شەرعییەکانی دەوروژێنێ، ئەوەش بخە ناو ئەو لیستەیەوە.

**٢٠/ پرسیار: چ ئافرەتێك لە هەمو ئافرەتان جوانترە؟**

وەڵام: جوانی نمونەی وەکو بەزەیی خوای گەورە وایە بەسەر ڕوی زەوی دابەش کراوە، جوانی جوانی گیان و پەروەردە و ڕەوشتە، هەمو ئافرەتێك بەشی لە جوانی هەیە، بە مەرجێ بەدیاری بخات و چاودێری بکات و پارێزگاری لەسەر بکات، بەڵام جوانی وێنە و جوانی جەستە، سەرەڕای خێرایی کارتێکردنەکەی، ناگاتە پلەی جوانی گیانی (الروحي) لە بەهاو بەرزی و مانەوەیدا.

**٢١/ پرسیار: چ پیاوێك بە دڵی ئافرەتە؟**

وەڵام: نزیکترین پیاو لە دڵی ئافرەت ئەو پیاوەیە، کە هەڵس و کەوتی دەگەڵ باش بێ، بەمەرجێ ئەو مامەڵەیە دروست کراو نەبێت، بەڵکە لە ناخەوە سەرچاوەی گرتبێ. هەڵس و کەوت لێرەدا مانـای ڕێـز و زەوق و بەخـشین و ڕەوشت و موجامەلەی خۆشە، کە هەمو ئەمانە لە پارێزگاری کەسایەتی پیاوە، چونکە هیچ شتێك لە لای ئافرەت وەك پیاوی بێ شەخسییەت، یان شەخسییەت کز ناشیرین تر نییە!

**٢٢/ پرسیار: چ شتێك پێویستە بۆ ئەوەی ببێتە هۆی دەرنەچونی پیاو لە ماڵەوە بۆ چایخانەکان و شوێنی تر؟**

وەڵام: پیاو لە ماڵەوە پێویستی بە خۆشەویستی و سۆز و حەنان و پشو و هێمنی و جێگیرییەکی زۆر و جوانی و ڕازاوەیی نوێکار هەیە، جا گەر خێزانەکەی هەمو ئەمانەی بۆ فەراهەم نەکات، ئەوا ئەمە پـاڵ بـە مێردەکەیـەوە دەنێت، بۆ ڕاکردن لە ماڵەوە و ڕو کردنە چایخانەکان و شوێنی تر، گەر شەخسییەتی کز بێـت و بـەهرەکانی سـادە بێت. چایخانە و هاو وێنەی لە دوژمنە هەرە سەختەکانی خێزانە..[١]

**٢٣/ پرسیار: گرفتەکانی شەوی ژن گواستنەوە (ليلة الزفاف) چییە؟**

وەڵام: وا دەبێ پیاو لە شەوی گواستنەوەدا دوچاری خاوبونەوەی ئامێری نێرینەی دەبێت، کە پێی دەڵێن خاوبونەوەی شەوی یەکەم، ئەمە کاتییە و بە نەمانی هۆیەکانی لە نێو دەچێ، جا هۆیەکە، یان لە ئاکامی ترسی سەرنەکەوتنە، یان شارەزا نەبونیەتی لەم بارەوە، یان بە هۆی نەبونی متمانە بە خۆیەتی، بەڵام ئەمە بە دەگمەن نەبێ ڕو نادات، بەتایبەتی گەر ژن و مێرد خۆشەویستی یەکتری بن، ئەو کاتە هەرگیز ئەمە ڕو نادات.

خۆشەویستی مسۆگەری بەخشینی متمانـە بـە خـۆ بـونی پیـاوە، هـەروەها هاوبەشـی ژن بـۆ مێردەکـەی و یاریدەدانی لەم شەوەدا مسۆگەری ئەم متمانەیە... کە نابێ ماندو بێ.

پاش ئەمە قۆناغی سکاڵا کردن دێتە پێشەوە، کە لە ئاکامی هەندێ نیشانەی لە نکاوەوە دروست دەبێت، وەك بە پەلە فیچقە کردنی مەنی (سرعة القذف)، ئەمـەش لـە ئاکـامی مێـشك شـڵەژانی پیاوەوەیـە، یـان هـەبونی هەستیارییەکی زۆری ئامێری نێرینەییە. بە تاقیکردنەوە و مومارەسەکردن دەکرێ ئەم دیاردەیە نەهیلرێ.

[١] چەند ساڵێك بەر لە ئێستا وتارێکم بڵاو کردەوە لە ژێر ناو نیشانی (المقهى نادي الشيطان) (چایخانە یانەی شەیتانە).

**٢٤/ پرسیار: کاریگەرییەکانی جگەرە لەسەر جوتە هێلکەی گون چییە؟**

وەڵام: جگەرە دەبێتە هۆی کزی جنسی و ئامێری نێرینە بێ هێز دەکات، جگەرەکێشانی درێژ خایەن گون ژەهراوی دەکات و بەرهەمی تۆو(نطفة) کەم دەکات، بەڵکە تۆوی زۆربەی جگەرەکێشەکان مردوە، چونکە توتن لە ترشی (تسیان هیدریك) پێکهاتوە، دەریشکەوتوە ئەم ترشە تۆوی پیاو ژەهراوی دەکات، بەم هۆیەشەوە بینراوە رێژەی نەزۆکی لەپیاوە جگەرەکێشەکان زۆرترە لە جگەرە نەکێشەکان.

**٢٥/ پرسیار: ئایا جگەرەکێشان کار دەکاتە سەر هێلکە دانی ئافرەت؟**

وەڵام: هێلکە دانی ئافرەت بریتییە لە گلاندێکی بچوکی تێکەڵ، کە لە خوارەوەی سك دایە لە لای منداڵ دان، هێلکە دان ئەو هێلکانە بەرهەم دەهێنێ، کە دەگەڵ تۆوی پیاو یەك دەگرێ. لە یەکگرتنی ئەو دو توخمە (هێلکەو تۆو)دا، خوای گەورە مرۆڤێك دروست دەکات.

بەم دواییە دەرکەوت نیکۆتین دەبێتە هۆی تێك دانێکی فراوان لەم ماوە زۆرەدا، ئەم تێك دانە لە زۆر حاڵەت دا دەبێتە مایەی نەزۆکی.

دکتۆر (هۆفستاتر) شارەزای ئەم کارە گوتویەتی: ئەو ئافرەتانەی لە کارخانەکانی توتن کار دەکەن بە کەمی منداڵیان دەبێ، گەر منداڵیشیان بو، منداڵەکانیان بێ هێز و لاواز دەردەچن.[٢]

**٢٦/ پرسیار: دوای لادانی پەردەی کچێنی، ئامۆژگاریت بۆ پیاو (مێرد) چییە؟**

وەڵام: دوای لادانی پەردەی کچێنی، گەر جوتبونەکە ئازار و گرفتی دەگەڵ بو، پێویستە پیاوەکە جوتبون دوا بخات، بۆ ماوەی دو یان سێ رۆژ، پێویستە جوتبون لە مانگی یەکەمی هاوسەر گرتن (الزواج)، موتعە و خۆشی بێ بۆ ژن و مێرد پێکەوە، بۆ ئەوەی ژنەکە لە جوتبون وەڕس نەبێ، بەڵکە لە مانگەکانی یەکەمیش دا لەوانەیە ئەندامی زاوزێی ژنەکە نەگەیشتبێتە رادەی وروژاندنی جنسی سروشتی، لەبەر ئەوە لەسەر مێرد پێویستە جوتبون کەم بکاتەوە و جوت نەبێ، مەگەر هەستی بە ئارەزوی هاوسەرەکەی کرد بە بەشداری کردنی، بە مانایەکی تر پێویستە مێرد واز لە خۆویستی خۆی بهێنێ، با هاوسەرەکەی هەست بەوە بکات کە رێز لە هەستی دەگرێ، تا ئەویش رێزی بگرێ... با مێرد دودڵ نەبێ گەر لە سەرەتاوە ساردییەکی لە هاوسەرەکەی بینی!

---

[٢] (لە -رسالة طرق التدخين وأضراره بە کورتکراوەیی وەرگیراوە).

**٢٧/ پرسیار: ئایا هیچ کردەیەك هەیە کە نەهێڵێ مەنی زو فیچقە بکات؟**

وەڵام: لە چەند بۆنەیەك دا ئەمەم باس کردوە، دەکرێ ئەمە زیاد بکەین:

یەکەم: هەر کاتێك هەستی بە نزیك بونەوەی هاتنەوەی مەنی کرد، با یەکسەر بیر و هۆشی لای جوتبون لا بدات، بەوەی کە لە سەدەوە بژمێرێ بە ئاوەژویی، واتە لە ١٠٠-٩٩-٩٨-٩٧-٩٦-... هتد.، لەسەر ژن پێویستە لەمەدا بە باشی ڕۆڵی خۆی ببینێ و ئاگادار بێت لە ئاڕاستە نەکردنی گوتەیەکی رەخنە گرانە بۆ مێردەکەی، نەبادا ئەم ڕەخنەیە ببێتە برینێکی قوڵ لە دڵیدا.

دوەم: مێرد دەتوانێ لە کاتی جوتبون دا شتێك بخاتە سەر ئامێرەکەی، تاوەکو هەستیاریەکەی کەم بکاتەوە و، خێرایی فیچقە کردنی مەنییەکەی دوا بخات.

**٢٨/ پرسیار: ئایا ڕاستە ئارەزوی جنسی لە لای ژن و پیاو لە دوای تەمەنی چل ساڵی نامێنێ؟**

وەڵام: کەسێك بیروباوەڕی وابێ، ئەوە شتێکی هەڵەیە، چونکە ئەو کەسەی تەندروستییەکی باشی هەیە و هیچ نەخۆشییەکی ئەندامی(عضوي) نییە، دەتوانێ تا دوای تەمەنی حەفتا ساڵی مومارەسەی جنسی بکات. زۆربەی حاڵەتەکانی هەست کردن بە کزی جنسی لە قۆناغی ئەم تەمەنەدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەکی دەرونی، یان بۆ هەوڵ دانی پیاو بۆ دەرخستنی پیاوەتییەکەی لە ڕێگای جنسەوە، ئاکامیش ئەوە دەبێ کە جوتبونەکە بە ڕێگای کار پێ کردنەوە دەبێت و، زاتیەتی خۆی لە دەست دەدات، کە ئەساس و زەروریيە بۆ سەرکەوتنی. جا لێرەدا پیاو لە گەیشتن بە ئامانجەکەی هەرەس دێنێ، ئەوەی بە بیریدا دێ ئەوەیە، کە بە هۆی تەمەن و پیرییەوە توانا جنسییەکەی نەماوە. ڕاستە بەساڵاچون ئارەزوی جنسی کەم دەکات، بەڵام توانای رەپ بون وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵکە توانای تەحەکوم پێ کردنەکەی بە درێژایی ماوەی جوتبونەکە زیاد دەکات. ژنیش بە هۆی زۆر پێکەوە ژیانی لەگەڵ مێردەکەی، توانای زۆرتر دەبێ کە خۆی دەگەڵ مێردەکەی بگونجێنێ، بەمەش دەتوانێ بە ماوەیەکی کەم بگاتە چێژی جنسی.

هەر لەو هەڵانە ئەوەیە کە بیروباوەڕ وا بێ تەمەنی نائومێدی(سن اليأس)، مانای کۆتایی چالاکی جنسی ئافرەتە، چونکە زۆربەی ئەو کارتێکردنانەی دەگەڵ وەستانی حەیز دەکەوێ، ئەساسەکەی نەفسییە.

داو دەرمانی چالاك کەری جنسیش زۆربەی ڕۆڵی خۆی لە ڕێی کارتێکردنی نەفسییەوە دەبینێ و، هیچ

سودێکی حەقیقی نییە، مەگەر لە چەند حاڵەتێکی دەگمەن دا نەبێ، کە بریتییە لە حاڵەتەکانی کەمی ڕژێنی هۆرمۆنی نێرینەیی لە گون دا.

بەڵام گەر ژن و مێرد ئارەزوی ئەنجام دانی کاری جنسییان هەبو، بە واتای ئامادەیی جوتبونیان تێدا هەبێ، ئەوا ئەمە مسۆگەری گونجاندنی جنسییە، جا تەمەنی ژن و مێرد هەر چەندێك بێت.

**٢٩/ پرسیار: ئایا دڵەڕاوکێ، پەیوەندی بە کزی جنسییەوە هەیە؟**

وەڵام: بەڵێ، زۆر حاڵەتی کزی جنسی هەیە، بە تایبەتی لای پیاو، هۆیەکەی دڵەڕاوکێ(قلق)یە. ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو دڵەڕاوکێیە لە ساتێکەوە پەیدا بوە، بەڵکەلە ئاکامی بار و دۆخ و تێکەڵ بونی ڕاستی و ناڕاستی نوێ و کۆن دروست دەبێت... هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی یەکەمی منداڵی، ئەو کاتەی منداڵ یەکەم زانیاری لەبارەی جنسەوە وەردەگرێ... ئەمەش مانای ئەوە نییە دەرباز بون لە دڵەڕاوکێ زەحمەت و مەحاڵ بێ، بەڵکە بە دەستنیشان کردنی هۆیە حەقیقییەکەی دەکرێ لێی دەرباز ببی.

**٣٠/ پرسیار: ئایا خواردەمەنی پەیوەندی بە توانای جنسییەوە هەیە؟**

وەڵام: پەیوەندی خواردەمەنی بە پێکهاتەی جەستەی مرۆڤ پەیوەندییەکی لێك نزیکی تەواویان هەیە، تەنها بە تەماشاکردنی جەستەی هەر پیاوێك، پزیشك دەتوانێ بزانێ توانای جنسی ئەم پیاوە چەندە، بەتایبەتی ئەگەر شێوازی نان خواردنەکەی بزانێ.

جا پیاو دەتوانێ گۆڕانێکی زۆر بەسەر توانا جنسییەکەی بهێنێ، ئەویش بە گۆڕینی چۆنیەتی شێوازی نان خواردنەکەی، لێرەدا مەبەست ئەوە نییە، کە کەمێکی تری خواردەمەنی توانای زیاتر دەکات، بەڵکو مەبەست لەمە ئامادەکردنی جۆرە خواردنێکی دیاریکراوە و بە ئارەزویەکی تایبەتییەوە بیخوات، لەو نان خواردنانەش گەر خۆراکی ڕۆنی سورکراوەی دەگەڵ بێ، بێ گومان کاریگەرییەکی جەوهەری دەکاتە سەر جەستەی پیاو...

**٣١/ پرسیار: ئایا پیاوان لە توانای جنسی یەکسانن؟**

وەڵام: پیاوان هەموی لە توانای جنسیدا یەکسان نین، پیاوی جنسی سەرکەوتو ئەوانەن، کە تەندروستییەکی باشیان هەیە و، دەتوانن تەحەکوم بە غەریزەکانیان بکەن، دەتوانن بە دەم وەڵام دانەوەی جنسەکەی ترەوە بێن، زۆر تەمبەڵ نین، یان چالاکیان بە پلەی زیاد لە پێویست نییە. ئەو پیاوەی لە ئارەزوە جنسییەکانی خێزانەکەی تێ دەگات، ئەو پیاوەی کە ماوەیەکی درێژ دەدات بۆ گەیشتن بە خۆشی وەرگرتن، ئەو پیاوە لە ژیانی هاوسەرێتی سەرکەوتوە.

بەڵام بە ئارەزوی خودی خۆت جۆرەها خواردن بخورێ، کاریگەرییەکی گەورەی لە باش کردنی حاڵەتی تەندروستی و جەستەیی ئەو کەسە هەیە، جا زیانی زۆر، لە زۆر قەڵەوی و زۆر لاوازیدا دەبینرێت.

**٣٢/ پرسیار: چۆن پیاو (مێرد) دەتوانێ تا کۆتا تەمەنی توانا جنسییەکەی بمێنێتەوە و پارێزگاری بکات؟**

وەڵام: بۆ ئەوەی مرۆڤ تا کۆتا تەمەنی پارێزگاری بە هێزە جنسییەکەیەوە بکات و جنسەکەی بگەڕێتەوە تێکڕای ئاساییەکەی، ئامۆژگاری دەکەین بە دەست گرتن و میانەڕەوی کردن لە جوتبوندا، کە لە هەفتەیەك دا، دو جار، یان سێ جار ئەنجام بدرێ و، لە رۆژێك دا لە یەك جار زیاتر نەبێت، ئەمەش دوای ئەوەیە، کە پیاو لەڕوی نەفسی و مەعنەوی جنسی، خێزانەکەی ئامادە دەکات بە دەستبازی و گەمە و یاری کردن، تاکو بگاتە لوتکەی بەرزی چێژی جنسی، جا بەمە پیاو بە باشترین شێوە بە ئەرکە جنسییەکەی خۆی هەستاوە، کە دەبێ ئەمە لە مانگی هەنگوین پیادە بکرێ، دوای ئەمە لە هەفتەیەکدا دو جار ئەنجام بدرێ، ئینجا یەك جار لە هەفتەیەك دا گەر کرا، بەتایبەتی دوای تەمەنی چل یان پەنجا ساڵی.

**٣٣/ پرسیار: ئایا ڕاستە ئامێری قەبارە گەورەی پیاو ئافرەت تێر تر دەکات؟**

وەڵام: لە چیرۆکە جنسییەکان، کە بە نهێنی دەفرۆشرێ، لەو چیرۆکە دەگمەنانەی کە کۆمەڵێك خەڵکی سادە باوەڕی پێدەکەن... گوایە ئافرەت حەز بە پیاوی ئامێر گەورە دەکات، چونکە مسۆگەری گەیشتنە ئەوپەڕی چێژ وەرگرتنە لە کاتی جوتبوندا... ئەو ڕاستییەی کە پشکنینی زانستی دۆزییەوە و ئاشکرای کرد ئەوەیە، قەبارەی ئەندامی زاوزێ و دەوروبەرەکەی... بەبێ بەکار هێنانی ئامێری نێرینە، بە دەست بازی و یاری کردن دەگاتە

خۆشی.. زۆر لەو چیرۆكانە بە درێژی باسی درێژی و توندی ئامێری نێرینە دەكات، لە راستیدا هیچ وجودی نییە.

بە زۆری درێژی ئامێری نێرینە لە نێوان ١٣-١٨ سەنتیمەتر دایە، بەڵام ئەو حاڵەتانەی، كە زیاترن، یان كەمترن، ئەوەیان شازە و زۆر دەگمەنە. بە هەمان شێوەش لە گولێنك(مهبل)ی مێیینە دا. بەڵام دەڵێن گولێنك جگە لە كونی دەرەوەی، هیچ شوێنێكی تری بەشداری لە كردەی چێژ وەرگرتن ناكات، لەبەر ئەوە لەو كاتەدا درێژی ئامێری نێرینە هیچ نرخێكی نییە، بۆیە پێویست بە دڵەڕاوكێ و ناكۆكی و ترسان لە بچوكییەكەی ناكات!

**٣٤/ پرسیار: ئایا هۆی تری ساردی جنسی (البرود الجنسي) هەیە؟**

وەڵام: لە هۆیە گرنگەكانی ساردی جنسی توند و تیژی و هەڵشەیی پیاوە، كە زۆر جار دەبێتە مایەی ساردی جنسی ئافرەتەكە، چونكە ئافرت پێویستی بە ماوەیەكی درێژخایەن هەیە بۆ وروژاندن، تاكو بە تەواوی جنسی ئامادە دەبێ.

جا گەر پیاو ئەم راستییەی نەزانی، یان بە هۆی پەلەكردنەكەی و گەیشتن بە چێژ و خۆشی، خۆی لێ گێل كرد، ئەو كاتە ئاكامەكەی ئەوە دەبێ، كە ئافرەتەكە هەرگیز ئامادە نەبێ بۆ جوتبون، بەڵكە لەمەش زیاتر لەو جوتبونە دەترسێ، بۆیە جنسی وەك سەهۆڵ سارد دەبێ.

**٣٥/ پرسیار: ئایا هۆی تری ساردی جنسی هەیە؟**

وەڵام: لەو هۆیە گرنگانەی لەم ڕۆژانەدا بڵاو و باوە بۆ ساردی جنسی، ترسان لە سك پڕییە. چونكە ئازاری سك پڕی و لە دایك بون زۆر توندە، بە پلەیەك شوێنەوارێكی كاریگەر لە دەرونی ژن دروست دەكات، جا ئاكامەكەی واز هێنانی دەبێ لە هەمو شتێك، كە پەیوەندی بە پەیوەندییە جنسییەكانەوە هەبێت.

**٣٦/ پرسیار: پیاوێك دەناسم خێزانەكەی بەشداری دەگەڵ ناكات لە چێژ وەرگرتنەكەی، هۆیەكەی چییە؟**

وەڵام: ڕەنگە ژنەكە بە هۆی فەرامۆش كردنی مێردەكەی بۆ ئەو و خراپی هەڵس و كەوت و مامەڵە دەگەڵیدا دەرونی ئاسودە نەبێت، جا لەم حاڵەتەدا بەشداری دەگەڵ ناكات. پێویستە لەسەر پیاوەكە هەڵس و كەوتی باش بكات و خێزانەكەی بەختەوەر و ئاسودە بكات، چونكە دڵشادی و دڵخۆشی دەستە بەر دەكات، كێشەی جنسیش

میکانیکی نییە، وەك زۆر جار لە لای پیاو ئاواهییە! سۆزو عاتیفە یەکەم جارە، دواتریش جنس!...

**٣٧/ پرسیار: ئەگەر ژن مێردەکەی خۆش دەویست، مێردەکەشی چەند سیفەتێکی تێدا بێ لەگەڵ میزاج و ئامانجی ئەو لە ژیاندا یەك نەگرێتەوە، ئەم ئافرەتە چ بکات؟**

وەڵام: لێرەدا کارامەیی ئەو ژنە لە چارەسەرکردنی هەڵوێست و ئارام گرتنی لەسەر ئەو چارەسەرە بەدەر دەکەوێ، لەمەدا هەر دەبێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ، بە تایبەتی گەر متمانە و خۆشەویستی مێردەکەی بە دەست هێنابو، چونکە خۆشەویستی، خۆشەویستی لێ پەیدا دەبێت، کە باشترین رێگای چاکسازییە.

ئافرەت بە خەندە جوانەکەی دەتوانێ کار لە دەرونی مرۆڤ بکات، ئەم خەندەیە شتی زۆر دەکات و، زۆر شت دەستە بەر دەکات.

بەختیاریی ژن و مێرد تەنها بە دەستی پیاو نییە، بەڵکە بە دەستی پیاو و ژنە. چەندەها ئافرەت دەناسم توانیویانە بە خۆشەویستی و دانایی و حیکمەتەوە، چاکسازی مێردەکانیان بکەن.

**٣٨/ پرسیار: ئایا راستە کەشکەك (الهريسة) جنس بە هێز دەکات، وەك لەو فەرمودەیە هاتوە: ((شكوت الى أخي جبريل ضعفي في الجماع، فوصف لي الهريسة، فإن فيها قوة أربعين رجلاً)) ؟ واتە: پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: بە جوبرائیلی برام گوت کە لە جیماع کردن دا کز و بێ هێزم، ئەویش پێی گوتم کەشکەك بخۆ، چونکە هێزی چل پیاوی تێدایە.**

وەڵام: ئەم فەرمودەیە بە درۆ بە زمانی پێغەمبەرﷺ گوتراوە، ئەم بە ناو حەدیسە کابرایەکی کەشکەك فرۆش هەڵیبەستوە بۆ رەواج دان بە هەریسەکەی.

هەروەها ئەوەی ئەم حەدیسە پوچەڵ دەکاتەوە ئەوەیە، پێغەمبەرﷺ هێزێکی جنسی هەبو، نمونەی نەبوە، لە صحیحدا هاتوە" زۆر جار لە یەك شەودا دەچوە لای هەمو خێزانەکانی!

**٣٩/ پرسیار: ئایا ئاوی پیاو سودی بۆ ئافرەت هەیە؟**

وەڵام: دکتۆر محمد زکی الشافعی لە کتێبەکەی (الأزمات الزوجیة و علاجها) وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و گوتویەتی:

((با پیاو بزانێ جەستەی ئافرەت ڕژێنەکانی ئەو دەمژێ و سودی لێ وەردەگرێ، وای لـێ دەکـات هەسـت بـە بەختیاری و خۆشی بکات و، چالاکی زیاد بکات، لەبەر ئەوە پێویستە ئافرەت زۆر حەلەقەی منداڵ نـەبون بـەکار نەهێنێ)).

**٤٠/ پرسیار: ئایا بەکار هێنانی پەردەی بەرگری بۆ منداڵ نەبون زیانی هەیە؟**

وەڵام: هەندێ ژن و مێرد ئەو پەردەیە بەکار دەهێنن بۆ منداڵ نەبون، کە ناهێڵێ لە کاتی جوتبونـدا گیانـداری تۆواوی(حیوانات منویة) بگاتە ملی منداڵ دان، ئەم ڕێگایە زیانی هەیە، ئەگەر لـە پـەردە بەرگرییەکـەدا کـونی بچوك هەبێت، کە بە چاو نابینرێت، ئەوا سك پڕی ڕو دەدات، هەروها ئـەو پەردەیـە هەسـتیاری پێـستی سـەری ئامێری پیاو کەم دەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی کەمێك دوا کەوتن لـە فیـچقەکردنی تـۆو، ئـەویش دەبێتـە مایـەی حاڵەتێکی تێر نەبونی تەواوی جنسی پیاوەکە، هەروەها ژنەکەش، ئەوەش لە زۆر حاڵەت دا کەمێ لە دڵەڕاوکێ و شلەژانی دەرونی لێ دروست دەبێت.

**٤١/ پرسیار: ئایا لە کاتی جوتبوندا مەنی هاتنەوە لە دەرەوەی گوڵێنك (مهبل)دا، زیانی هەیە؟**

وەڵام: ڕێگایەکی تری منداڵ نەبون هەیە، ئەویش مەنی هاتنەوەیە لە دەرەوەی گوڵێنك، کە چەندەها زیانی بـۆ ژن و مێرد هەیە، ئەویش ئەوەیە:

بە هۆی ئەمەوە پیاو تێربونی جنسییەکەی کامڵ نابێ، گەر هەڵەی کرد و نەیتوانی مەنییەکە بێنێتـە دەرەوە، یا لەسەر شێوەی دڵۆپی کەم بێت، دەبێتە هۆی منداڵ بون. هەروەها ئەم ڕێگەیە دەبێتە مایەی تێزانی کۆئەندامی زاوزێی پیاو و نیشانەی دڵەڕاوکێ و شلەژانی دەرونی لێ دەکەوێتەوە، وێڕای تێر نەبونی ئارەزوی ژنەکە، ئەمەش دەبێتە مایەی تێزانی کۆئەندامی زاوزێی مێیینە و ئازاری پشت و ئارەزوی جوت نەبون و شڵەژانی دەرونی، کـە جیاوازی و ناکۆکییەکانی بەردەوامی ژن و مێرد دەروژێنێ و ژیانیان جێگیر ناکات.

**٤٢/ پرسیار: جیاوازی نێوان دەست بازی (مداعبة) و لاواندنەوە (مغازلة) چییە؟**

وەڵام: جیاوازییەکی زۆر هەیە، نابێ پیاو تەنها دەستبازی بکات و واز لە موغازەلە کردن بێنێ! دەربڕینی ئەم موغازەلەیەش بە پیاهەڵدان و ئیعجاب بون بە جوانی خێزانەکەی و ڕوخۆشی و ڕازاوەییەکەی دێتە دی.

ئەم دەربڕینەش سودی بۆ ئافرەت هەیە، تەنانەت دوای کۆتایی هاتنیش نابێ بخەوێ. کەواتە نەکەن نەکەن بێ دەنگ بن، گەر دانایان گوتویانە: (الصمت حکم و قلیل فاعله)، ئەمە بۆ سەرەتاو کاتی جوتبون نییە.

باڵندەش بۆ ئێمە جێی وانە یان چەند وانەن، کە بەر لە جوتبون لە دەورەی باڵندەکەی دەسوڕێتەوە و گۆرانی زۆری بۆ دەڵێ.

**٤٣/ پرسیار: ئایا دەکرێ نمونەیەك لە لاواندنەوەی نێوان ژن و مێردمان بۆ باس بکەی، چونکە زۆر لە پیاوان عاتیفەیان وشکە... ؟**

وەڵام: باس کردنی ئەمە زەحمەتە، دەربڕین و پیاهەڵ دان و لاواندنەوە نهێنییە، هەر کەسە و جۆرە شێواز و لێهاتوییەکی خۆی هەیە بە گوێرەی خێزانەکەی.

بەم بۆنەیەوە دەڵێم باش وایە ئەو پیا هەڵ دان و دەربڕینە لە نێوان ژن و مێرد دا ببێت، نەك تەنها لە لای یەکێکیان، ئامۆژگاری ژن دەکەم لێهاتو بێت و وا لە مێردەکەی بگەیەنێت کە بەهێزە... پاڵەوانە... کەواتە ئاگاداربە ئاگادار! نەکەی گەر بە گاڵتەش بێ پێی بڵێی بێ هێز و کەنەفت و دەستەوەستان، چونکە لە ڕێی ئاگا لێ نەبون و عەقڵی ناوەوە بە خێرایی، بەمە کاری تێ دەکرێ، بە تایبەتی گەر ویستی بێ هێز بێت و بە خێرایی کارتێکردنی دەرەکی کاری تێ بکات، ئەمەش زۆر جار لە شەوانی یەکەمی زاوایەتی ڕو دەدات، زۆربەی ئەوانەی لەم بارەوە هەرەس دێنن و سەرناکەون، لە ئاکامی ئەو قسەیەی هاوڕێیانی مێرد یان کەس و کارییەوە ڕو دەدات، کە بۆ خۆی وا هەست دەکات.

هەروەها بەم بۆنەیەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم" زۆربەی ڕوداوەکانی کەنەفتی جنسی (العجز الجنسي) هۆیەکەی دەرونییە، کەواتە وریا بن! وریا.

جا ئەی پیاو (مێرد)! خوای گەورە هێزی پێ بەخشیوی، تۆش متمانەکی زۆرت بە خۆ هەبێت، داوای بەردەوام بون لەسەر لەش ساغی و هێز و توانا لەخوا بکە..

**٤٤/ پرسیار: پێشەكییەكانی لابردنی پەردەی كچێنی چییە؟**

وەڵام: بەر لە لابردنی پەردەی كچێنی، دەربڕین و پیا هەڵدان و قسەی خۆش و دەستبازی و یاری كردنی درێژ خایەن شتێكی پێویستە و هەر دەبێ ببێ، لەبەر ئەوەی گلاندەكان(الغدد) لە ئاكامی ئەمەدا شلەیەك دەرژێنن و شوێنە هەستیارەكان رەپ دەبن و دەوروژێن، ئەوكاتەش ئامێری نێرینە بە ئاسانی دەچێتە گوڵێنك(مهبل)، دوای ئەوەی كە تەڕ دەبێ و نەرم دەبێتەوە.

**٤٥/ پرسیار: شێوازەكانی لابردنی پەردەی كچێنی چین؟**

وەڵام: چەند شێوازێك هەیە كە ئەمانەن:

یەكەم: ئافرەتەكە لەسەر پشت پاڵ كەوێ و هەردو ڕانی بكاتەوە و كۆی بكاتەوە بەلای شانی دا لاری بكاتەوە، جا بەمە هەردو شەفرە بچوكەكە دەكرێنەوە و بە ئاسانی چوك دەچێتە ژورەوە. ئەم شێوازە شێوازی نوێیە.

دوەم: پیاو لەسەر پشت پاڵ بكەوێ و، ئافرەتەكەش بێتە سەر چوكی پیاوەكە، بە هێواشی و هێمنی، تا دەگاتە ئەو حەرەكاتەی، كە ڕێی پێ دەدرێ، جا چوك زۆر بە وردی و هێمنی دەچێتە ناوەوە.

ئەم شێوازە یەكەمجار مرۆڤ بەكاریان دەهێنا، وەك لە نوسین و وێنەكانی كۆن دەركەوتوە. ئەم جۆرە سودی بۆ هەندێ پیاوی ماندو هەیە.[٣]..[٤]

**٤٦/ پرسیار: هۆی دور كەوتنەوەی هەندێ پیاو لە خێزانەكانیان و نزیك نەبونەوە لێیان چییە؟ هەرچەندە خێزانەكانیشیان جوانن؟**

وەڵام: ڕەنگە هۆیەكەی لەمەدا (قێز) بێ، كە بە زۆری لە ئاكامی پیسی و بۆن ناخۆشییەوە دروست دەبێت، هەندێ ئافرەت عەیبێك لە كۆئەندامی زاوزێ هەیە، پێویستە لەسەر ژن نەهێڵێ مێردەكەی هەمو بەشەكانی كۆئەندامی زاوزێی ببینێ، چونكە هەندێ پیاو تەنها بە تەماشاكردنی قێزی دەبێتەوە، بەتایبەتی گەر گرنگی بە پاك و خاوێنی نەدات، یان بۆنێكی ناخۆشی لێ بێت.. یەكێك بینی وا مەرێك گۆشتەكەی دادەماڵن، جا بە

٣ (لە كتێبی حياتنا الجنسية بە دەستكاریەوە وەرگیراوە).

٤ ئەم زانیارییە گرنگانە كوڕی مسوڵمان و كچی مسوڵمان لە كوێ دەستیان دەكەوێ، گەر دایك و باوكیان نەوێرن باسی ئەم بابەتەیان بۆ بكەن، كە دەبێتە هۆی سەرنەكەوتن و هەرەس، یان سڵ كردنەوە یان دەست درێژی كردنە سەر خەڵكی.... جا ئایا لەسەر ئەم راشكاوییەمان گازاندە دەكرێین؟!

بینینی ئەمە بە درێژایی تەمەنی گۆشتی لەبەر چاو کەوت!!

هەندێ ئافرەت لە کاتی جوتبوندا ئاوێکی سپی لێ دێتە دەرەوە، جا پێویستە لەسەریان هەردەم پاکی بکەنەوە و بیسڕنەوە، گەر زۆر بەردەوام بو پێویستە لەسەریان بچنە لای پزیشکی پسپۆڕ، بۆ ئەوەی تەندروستی و مێردەکەی لە دەست نەدات.

ئەوەی لەسەر ئافرەت پێویستە -هەروەها لەسەر پیاویش- پارێزگاری سینگ و بەرۆکی بکات و قژی شانە بکات، خاوێنی رابگرێ و بە بەردەوامی بۆنی جیاجیا بەکار بهێنێ، بە تایبەتی لە کاتەکانی جوتبوندا، هیچ کامێکیان شوێنێکی جەستەیان بۆ یەکتری دەرنەخەن، کە حەزی پێ نەکەن!

لەسەر ژن پێویستە -هەروەها پیاویش- لە سروشت شت فێر ببێ، ئێمە دەبینین، کە باڵندە لە کاتی ئارەزو هەستانیدا خۆی بە پەڕی جوان دەڕازێنێتەوە، هەروەها ماسی و گیاندارەکان لە وەرزی بەهاردا، کە کاتی بەرهەم هێنانییەتی، پەڕەکانی بە پەڕی نوێ دەگۆڕێ، تەنانەت ڕوەکیش لە وەرزی موتربە کردن دا دەگەشێتەوە، لە بەهاردا دەگوترێ سروشت لە بوکێنی دایە!

نابێ ئافرەت بە زانستەکەی لە خۆ بایی ببێ -بەتایبەتی زانستی وشکی قوتابخانە و دور لە ژیان-، هیچ شتێك جێی ڕازاوەیی و جوان کردن ناگرێتەوە، بە مەرجێ لە سنوری خۆی دەرنەچێ و، زۆر تەکلیف نەکات و، دور بێ لە جل و بەرگی بێگانە.

پێویستە جوانی ئافرەت، منداڵ و کەل و پەلی ماڵەوەش بگرێتەوە، پێویستە ماڵ وەك بوك بێت لە جوانی و رێك و پێکی دا، لەگەڵ ئەوەش حەزەر بکرێ لە زیادەڕۆیی، کە هەرەشەی مایەپوچی و نەگبەتی لە خێزان دەکات.

جا هێنانەوەی چەپکە گوڵ و هەندێ لە دیمەنی سروشتی، وەك دەریا و تاڤگە و دارستان و بێستان و غەیری ئەمانە بۆ ماڵ، سیحری و جوانی بەسەر خانودا دێنێ، دەبێتە بەهەشتی پیاو، کە تەندروستی و بەختەوەری و لەسەر خۆیی لە هەمو ئەندامانی خێزان ڕەنگ دەداتەوە. لە سودەکانی ئەمە ئەوەیە، کە پیاو ماڵەکەی خۆی خۆش دەوێت، ڕاناکات بۆ چایخانەکان (یانەکانی شەیتان)، وەك لە وتارێك دا چەند ساڵێك پێش ئێستا بڵاوم کردبۆوە.

ئەوەی لەمەڕ ژن گوتم، بە پیاویشی دەڵێم" فەرامۆش کردنی جەستە و لەشی، هەروا خۆ جوان نەکردنی دەبێتە

مایەی قێز بونەوەی خێزانەکەی، صەحابی بەڕێز عبداللە ی کوڕی عەبباس گوتویەتی: (حەز دەکەم خۆم بۆ خێزانەکەم جوان بکەم، وەك چۆن حەزم لیبیە خۆی بۆم جوان بکات).

جا کۆتایی ئەم باسە گرنگە بە چەند فەرمودەیەکی (صحیح)ی پێغەمبەرﷺ دێنین:

جابر دەڵێ: ((**أتانا رسول اللهﷺ زائراً، فرأى رجلاً شعثاً، قد تغرق شعره، فقال: أو ما كان يجد هذا ما يغسل به ثوبه؟!**))

واتە: پێغەمبەری خواﷺ بە میوانی هاتە لامان، پیاوێکی بینی چڵکن و قژ ئاڵۆز و درێژ و ناشیرین بو، فەرموی: ئەوە کەسێك نیە جلی بۆ بشوات؟!

(ابو الاحوص) لە باوکیەوە گێڕاویەتیەوە، کە گوتویەتی: ((**أتيت رسول اللهﷺ وعليّ ثياب دون، فقال: ألك مال؟ قلت: نعم، من كل المال، قد أعطاني الله من الأبل والبقر والغنم.. قال: فإذا أتاك الله مالاً، فلير أثر نعمة الله عليك وكرامته**)).

واتە: چومە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و جلێکی شڕم لەبەردابو، فەرموی: ماڵ و سامانت هەیە؟ گوتم: بەڵێ، هەمو ماڵێکم هەیە، خوا حوشتر و مانگا و مەڕ و ماڵاتی پێداوم..

فەرموی: خوای گەورە کە ماڵی پێداوی، با شوێنەواری نیعمەت و ڕێزی خوا بەسەرتەوە ببینرێ.

ئەبوهورەیرە گوتویەتی: **قال رسول اللهﷺ**: ((**الفطرة خمس: الختان والأستحداء، (حلق العانة) وقص الشارب، وتقليم الأظافر ونتف الأبط**)).

(أم هانيء) گوتویەتی: ((**قدم رسول اللهﷺ علينا بمكة قدمة. وله أربع ضفائر (الضفيدة).**))

واتە: پێغەمبەری خواﷺ لە مەکە هاتە لامان، چوار کەزی (پەلك) هەبو.

(عطاء کوڕی یسار) گوتویەتی: ((**كان رسول اللهﷺ في المسجد، فدخل رجل ثائر الرأس واللحية، فأشار إليه رسول اللهﷺ بيده، كأنه يأمره بإصلاح شعره ولحيته، ففعل، ثم رجع فقال رسول اللهﷺ: أليس هذا خيراً من أن ياتي أحدكم وهو ثائر الرأس كأنه شيطان!**))

واتە: پێغەمبەری خواﷺ لە مزگەوت بو، پیاوێك هات، قژ و ریشی ئاڵۆزاوی و ناڕێك بو، پێغەمبەریش بە دەستی خۆی ئاماژەی ئەوەی کرد، کە قژ و ریشی چاك بکات، ئەویش قژ و ریشی ڕێك وپێك کرد، جا کە

گەڕایەوە خزمەت پێغەمبەرﷺ، پێغەمبەری خواﷺ فەرموی: ئەدی ئەوها باشتر نیە لەوەی یـەکێك لـەئێوە قـژی ئاڵۆزاوی بێ وەك بلێی شەیتانە!

(ابن المسيب) گوێی لە پێغەمبەری خواﷺ بو دەیفەرمو: ((**إن الله طيب يحب الطيب، نظيف يحب النظافة، كريم يحب الكرم، جواد يحب الجود، فنظفوا أفنيتكم، ولا تشبهوا باليهود**)) وفي رواية: ((**ان الله جميل يحب الجمال**)).

واتە: خوا پاکە و پاکی خۆش دەوێ، خاوەن ڕێزە و ڕێزی خۆش دەوێ، سەخیە و سەخی خۆش دەوێ، کەواتە پێش دەمی خۆتان پاك بکەنەوە و، خۆتان بە جولەکە مەچوێنن.. ــلە گێڕانەوەیەکی تردا-: خوا جوانە و جوانی خۆش دەوێ.

**٤٧/ پرسیار: بۆچی پیاو دوچاری کەنەفتی جنسی (العجز الجنسي) یان ئامێر نەرمی دەبێ؟**

وەڵام: کەنەفتی جنسی، یان نەرمی ئامێر لە لای پیاو، لە ئاکامی هۆکاری ئەندامی یان نەخۆشییەکەوە دروست دەبێت، کە کار دەکاتە سەر میکانیکیەکەی ڕەپ بون، وەك هۆکاری دەرونی، کە ترسان لە سەرنەکەوتن و هەرەس(فشل)، یان کەم و کورتی ئارەزوی جنسی، یان نەبونی ئارەزوی جنسی دەگرێتەوە، یان ترسان لە ئاکامی مەترسییەك، یان هەست کردن بە تاوان، یان شڵەژانی لە خۆئامادە کردن لە ئامادەبون، وەك هەندێ کەس کە ئارەزوی جنسییان لە لا دروست نابێت، مەگەر بە تەماشا کردنی چەند دیمەنێك نەبێت، کە کاری وەحشییەت گەری، یان ئازاردانی خەڵکی تری تێدا بێت، یان توند و تیژی، یان لێدانی لایەنێکیتر، لە حاڵەتەکانی سادیزم[٥] و ماسۆشیزم[٦]، کە ئەمەش بە نەخۆش دادەنرێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی لە یەکەم جوتبونەوە، یان یەکەم شەوی زاوایی دروست دەبێت، یان لە کاتی هەست کردن بە بچوکی ئامێرییەوە، یان هەبونی هەر چ شێوانێك، یان نەخۆشییەك لە کۆئەندامی زاوزێدا دروست دەبێت، یان لە ئاکامی ترسان لە لادانی پەردەی کچێنی، یان قسەی هاوڕێ و خزمان دروست دەبێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی بە هۆی ترسان لە شوێنەواری دەست پەڕ(العادة السرية)، یان ترسان لە ئازاردانی لایەنی

---

[5] سادیزم (سادیة) بریتیە لە چێژ وەرگرتن لە ئەنجامی توندوتیژی و ئازاردانی خەڵك.
وشەی (سادیة) دەگەڕێتەوە بۆ نوسەری فەرەنسی (المركيز دی ساد)، کە لەنێوان ساڵانی (١٧٤٠-١٨١٤) ژیاوە، دەڵێن خۆی دوچاری ئەم جۆرە نەخۆشیە دەرونیە بووە، کە ئافرەتی دەهێنا بەڕوتی لێی دەدا.
سادیزم زۆرجار بە جنسەوە پەیوەستە، دەتوانین بڵێین حاڵەتەکانی دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەت، نمونەیەکی سادیەت بێت، چونکە بە زەبر و زۆر جنسەکە ئەنجام دەدرێ.
سادیەت دو جۆری هەیە:
١/ سادیەی ڕواڵەتی درۆ: ئەوەش ئەو پیاوانە دەگرێتەوە، کە وادەزانن بە بەدیارخستنی هێزی ماسولکەییان، ئافرەت زیاتر جنسی دەوروژێ.. جا سادیەتی ئەوانە، تەنها چەند جوڵەیەکی نمایش کردنە بۆ ئەوەی بزانرێ بەهێزن.
٢/ سادیەی ڕاستەقینە: ئەوە کاتێ بەدەردەکەوێ، کاتێ پیاو هێز و توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت بەکاردێنێ، تا ئافرەتەکە ئازار بچێژێ، بەمەش چێژی لێ وەردەگرێ.. هەندێ پیاو هەیە لە شەوی زاوایی، کاتێ پەردەی کچێنی ئافرەتەکە ناهێڵێ و ئافرەتەکە توشی بەربونی خوێن دەبێ، چێژی لە رادەبەدەر وەردەگرێ و، وا هەست دەکات بە هەمو واتاکانی پیاوەتی، پیاوە.
[6] ماسۆشیزم (ماسۆشیەت) دەگەڕێتەوە بۆ نوسەری نەمساوی (لیوبولد دەشیرو ماسۆشی) ١٨٣٦-١٨٩٠، گشت چیرۆکەکانی باس لە بابەتە جنسیە شازەکان دەکات، کەوا پاڵەوانی چیرۆکەکانی، کاتێ ئەو ئافرەتانەی دڵدار و ئەوینیانن لێیان دەدەن، ئەوان هەست بە چێژی زۆر دەکەن.. ئا لێرەدا ماسۆشیەکان ناگەنە چێژ و خۆشی، هەتا کاری توندوتیژی و ئازاردانی، لەلایەن ئافرەتەوە بەکارنەهێنرێ. جا دەکرێ بڵێین: ماسۆشیەت، بریتیە لە چێژ وەرگرتن بە ئازاردانی دەرون، بابای ئازارادراو حەز بەوە دەکات زەبون و ملکەچ و ژێردەستی کەسانی تر بێت.
(الإنحرافات الجنسية عن الرجل والمرأة- جمال مصطفى مردان) (وەرگێڕ)

تر، یان ترسان لە دروست بونی سك پڕی، یان هەست کردن بەوەی ئەو کەسە تاوانێك ئەنجام دەدات، یان ترسان لە دوچار بون بە نەخۆشییەکانی زاوزێ وەك سەیلان و زوهری، یان ترسان لە نەمانی شلەی تۆواوی، دروست دەبێت.

وا دەبێ نەرمی ئامێر لەوەوە دروست ببێت، گەر مرۆڤ ماوەیەکی درێژ لە جوتبون دورکەوێتەوە، لە ژینگەیەکی دور لە ژیانی جنسی و کارتێکردنەکانییەوە بێت، وەك سەفەری درێژ خایەن. یان وادەبێ نەرمی ئامێر، هۆیەکەی درێژەدان بە ماوەی دەست گیرانییەوە بێت، چونکە ئەمە دەبێتە مایەی تێزان(الأحتقان)ی گلاندی پرۆستات و پێکهاتەکانی تۆواوی و زۆر ئیحتیلام بون، دەگەڵ ئازاری جوتە هێلکەی گون.

وا دەبێ نەرمی ئامێر لە زۆر بەردەوامی دەست پەڕ، یان جوتبونی ناسروشتییەوە دەبێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی هۆیەکەی ژنە، ئەمەش بە هۆی هەڵس و کەوتی و چۆنیەتی رەفتاری لەگەڵ مێردەکەی دەبێت، چونکە هەندێك پیاو زۆر هەستیارن.

وا دەبێ ئامێر نەرمی بەهۆی بەهێزی کەسایەتی ژنەوە دەبێت، ئەمەش لە کاتی سەردانی هەندێ نەخۆش بەدی دەکرێت، کە خێزانەکانیان دەبەنە لای پزیشك.

وا دەبێ ئامێر نەرمی هۆیەکەی جنس ساردی هەندێك ئافرەت و، گرژ بونی گولێنك(مهبل) و، رێ نەدان بە کردنەوە و خاوبونەوەی گولێنکە، لە کاتی چونە ناوەوەی ئامێری نێرینەدا.

هەندێ جار هۆیەکانی ئامێر نەرمی، یان رەپ نەبون پێکهاتەییە، وەك پێکنەهاتنی ئەندامی زاوزێ، یان لە پێکهاتەکەیدا شێواوی تێدایە، یان دوچاری نەخۆشی ئەندامی دەبێت وەك ئاوسان، یان فەوتانێك کە دەبێتە چەمینەوەی بەلای راست، یان چەپ، یان خوارەوەدا، ئەوەش بە زۆری لە کاتی دوچار بون بە نەخۆشی شەکرەوە دروست دەبێت.

وا دەبێ ئامێر نەرمی لە ئاکامی کەم و کورتی ئەرکی، یان ئەندامی جوتە هێلکەکانی گون بێت، کەم و کورتی لە هۆرمۆناتی نێرینەوە پەیدا دەبێت، کە بە بناغەی کردەی رەپ بون و پێکهاتنی ئەندامی زاوزێ و کۆئەندامی زاوزێی ناسەرەکی(ثانوي) وەك پرۆستات و پێکهاتەکانی تۆواوی، هەروەها بە هۆی ئەو کەم و کورتییەی، کە لە لای بەتەمەنەکان هەیە، ئامێر دوچاری تێزان دەبێ.

وا دەبێ ئامێر نەرمی لە ئاکامی چەند نەخۆشییەکی دەماری، لە ناو نێوەندی رەپ بون لە مۆخ، یان مەغزی

دڕکی، یان پەتەدەمارییەکان دروست دەبێ، کە کاردەکاتە سەر ڕەپ بون، وەك لە نەخۆشییەکانی شەکرە ڕو دەدات، هەر چ نەخۆشییەکی برپڕەی پشت هەبێ، چ پێکهاتەیی بێ، یان نەخۆشی بێ، کار دەکاتە سەر ڕەپ بون.

**٤٨/ پرسیار: گرنگترین هۆیەکانی ئامێر نەرمی چییە؟**

وەڵام: باری تەندروستی گشتی، کار دەکاتە سەر ڕەپ بون، وەك کەمی خۆراك و ڤیتامین، هەروا نەخۆشی شەکرە و پاڵەپەستۆی خوێن و ئەنفلەوەنزا و مەلاریا و نەخۆشییە کەڤنارەکان(المزمنة) وەك: نەخۆشی دڵ و گورچیلە و جەرگ، کە دەبێتە هۆی کزی ئارەزوی جنسی، هەروەها دەبێتە هۆی ئامێر نەرمی، هەر چ نەخۆشی و شڵەژانێك لە گلاندەکانی وەك: گلاندی نێرینە لە گون دا و، گلاندی نخامی و گلاندی سەروی هەردو گورچیلە و، گلاندی دەرەقی، هەروەها قەڵەوی، ئارەزوی جنسی کەم دەکاتەوە.

هەروەها وا بەدی دەکرێ جگەرە کێشان لە لای هەندێ نەخۆش دەبێتە مایەی ئامێر نەرمی، هەروەها مادە هۆشکەرەوەکان و تریاك و حەشیشەکانیش، جا ئارەزوی جنسی کز دەبێت، نێوەندی دەمارەکانی بەر پرس لە ڕەپ بون سڕ دەبێ.

**٤٩/ پرسیار: باشترین مێرد کێیە؟**

وەڵام: لە گۆڤاری (الحرفيون) وتارێك لە ژێر سەردێری (أفضل الأزواج – باشترین مێرد)دا هاتوە کە پیاوی ئینگلیزی باشترین مێردە لە ئەوروپا، ئەمە و لێکۆڵینەوەیەك بەم دوایییە ئەنجام دراو ئاشکرای کرد کە.. دەرکەوتوە مێردی ئینگلیزی بەشداری خێزانەکەی دەکات لە کاروباری ماڵەوەدا.. بۆ نمونە: لە ٨٥٪ی پیاو(مێرد)ی ئینگلیزی قاپ بۆ خێزانەکانیان دەشۆن.. کەچی ئەم ڕێژەیە لە نێو پیاوانی تری ئەوروپا تەنها ٥٣٪ یە.

ئای لەم ڕوانگە کورتەیە لە ناسینی باشترین مێرد!... لەگەڵ ئەمەش دا، پێغەمبەرﷺ وێڕای مامەڵە باشی بۆ خێزانەکانی، وەك بە درێژی باسمان کرد، سەرەڕای کارە سیاسی و سەربازییەکانی و کاری تری، هەرگیز یارمەتی دانی خێزانەکانی فەرامۆش نەکردوە.

لە خاتو عائیشە -ڕەزای خوای لێ بێ- پرسیار کرا، سەبارەت بە کاری پێغەمبەر کاتێك دەهاتە ماڵەوە،

ئەویش لە وەڵام دا گوتی: ((**یكون في مهنة أهله**))..[٧] واتە: لە خزمەتی خێزانەكەی دەبێت.

هەروەها لە ریوایەتێكی تردا لە وەڵامی هەمان پرسیاری پێشو گوتی: ((**كان بشراً من البشر: يحلب شاته، ويخدم نفسه**))..[٨] واتە: مرۆڤێك بو وەك هەمو مرۆڤێكی تر (بە واتای كاری پێغەمبەر تەنها لە گەیاندنی پەیامی خوا كورت هەڵنەهاتبو)، بۆ خۆی مەڕەكەی دەدۆشیّ، خۆی خزمەتی خۆی دەكرد.

ئەم پێغەمبەرە گەورەیەﷺ باسی باشترین پیاو دەكات و دەفەرمویّ: ((**خيركم خيركم لأهله!! وأنا خيركم لأهلي!**)).[٩]

واتە: باشترینتان ئەو كەسەیە، كە بۆ ئافرەتان باش كردەوەیە، منیش لە هەموانتان بۆ خێزانەكەم باشترم.

هەروەها فەرمویەتی: ((**خيركم خيركم للنساء!!**)).[١٠]

ئەم پێغەمبەرە گەورەیەﷺ ڕێسایەكی گرنگی قاپ شوشتنی بەخشیوە بە پیاوان (مێرد) و غەیری ئەوان، ئەمەش بە نەهێشتنەوەی هیچ شتێكی خواردن لە ناو قاپەكەدا گەر كەم بێت: ((**فكان يلعق الصفحة، بلسانه**)).[١١]

واتە: پێغەمبەری خوا قاپەكەی بە زمانی دەلێسییەوە.

ئای لەم ڕێسا ئابورییەی سیستمی خۆراكە! كە خواردەمەنی لە فڕیّ دان ڕزگار دەكات. ئای لەم ڕێسا كردەییەی خێرا پاك كردنەوەی قاپ و دەفر لە مادە ڕۆنییەكان و هاو وێنەیان.!

زۆر كەس بە هۆی خۆ بەگەورە زان و نەزانی و زیادەڕۆیی كردنی، سەری لەم كردەوەی پێغەمبەر دەسوڕمیّ.

بیرم دیّ چەندساڵێك لەمەو بەر چوم بۆ توركیا، من و هەندێك لە بانگبەرانی ئیسلام بانگ كراین بۆ وەلیمەی خێزانێكی توركی، منیش قاپەكەم بە نان سڕییەوە بۆ سود و فێربون، جا ئەو بانگبەرە بەسەرسوڕمانەوە قیزی لە كارەكەم بۆوە، ئەمە ڕێسایەكی ئابوری و سودێكی ماڵەوەیە.

بێگومان ئەم دو فەرمودەیە پیّ ناچیّ بە هەندیّ خەڵك نامۆ بیّ، ئەگەر مێژوی جاهیلییەتی پێش ئیسلامیان

[٧] رواه البخاري
[٨] رواه أحمد وغيره بسند جيد
[٩] رواه الترمذي وغيره وسنده حسن
[١٠] رواه الحاكم وسنده صحيح
[١١] رواه مسلم

دیراسە بکردایە و ڕادەی بە ناشیرین روانینی ئافرەت و کارەکانی ماڵەوەیانی بزانیایە، کە بەگەورە زان و زەبر بەدەستەوە دەچونەوە ماڵەوە و دانیان بە هیچ مافێکی خێزانەکانیان و خۆشویستن و سۆزی منداڵەکانیان نەدەهێنا.

ئەوەی جێی داخە، ئەوەی دڵ پەژارە دەکات ئەوەیە" لەو دو فەرمودەیەی سیرەی پێغەمبەرﷺ لە ماڵەوەی باس دەکات، ئێستاکەش نامۆیە یان ونە، نەك تەنها لە ڕۆژهەڵاتی جیاجیادا، بەڵکە لە ڕۆژئاواش دا، کە خەڵکەکەی لافی ڕێز گرتنی ئافرەت و سۆزداریان بەسەردا لێ دەدەن، جا ئەم کردەوەی پێغەمبەرﷺ بەڵگەیەکە لە بەڵگەکانی بەرزی و گەورەیی، بەڵکە لوتکەی شارستانییەتە.

کردەوەی پێغەمبەرﷺ لە یارمەتی دانی خێزانەکەی، ئاماژەی چەند شتێك و چاکە(فضائل)ی زۆر دەکات سەرەڕای ئەوەی پێشو، لەوانە: بەزەیی هاتنەوەی بە خێزانەکەی و وانە بەخشینی کردەوەیی بۆ مسوڵمانان! پێویستی یاریدەدانی خێزان بە پێی توانا، کە ئەو ئافرەتە بە درێژایی چەند سەعاتێك لە چێشتخانە ڕادەوەستێ، ماڵەوە پاك و خاوێن رادەگرێ، بە کار و بارە جیاجیاکان هەڵدەستێ، لە پێشەوەیان پەروەردە کردنی منداڵ کە ئەرکێکی پیرۆزە و، هەروەها شەونخونی لەسەریان.

هەمو ئەمانە پەیوەندی نێوان ژن و مێرد بەهێز دەکات و سۆزدارییەکەی زیاد دەکات، هەروەها وانەیەکی کاریگەر و کردەوەییە بۆ منداڵ، لە متمانە کردن لەسەر خۆ و پشتگیری کردنی خەڵکی دا.

**٥٠/ پرسیار: ئێمە کۆمەڵە ئافرەتێکین، تەمەنمان لە چل ساڵی تێپەڕی کردوە، یان وەك دەڵێن گەیشتوینەتە تەمەنی نائومێدی (سن اليأس) و عادەمان وەستاوە، هیوای سك پڕی و منداڵ بونمان نییە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئێمە گەیشتوین بە خاڵی نەگەڕانەوە؟.. کە بتوانین ژیانی خۆش لەگەڵ مێردەکانمان ببەینە سەر، وەك لە پێشان دەمان بردە سەر، ئایا ئەم خۆشی وەرگرتنە تەنها بە دروست بونی عادە و سك پڕی و منداڵ بونەوە بەندە؟ یان دەکرێ ئەمە دەستەبەر بکرێ؟!**

وەڵام: نازانین کێ ناوی لەو ماوە ژیانەی ئافرەت ناوە تەمەنی نائومێدی، ئەم ناونانە ناونانێکی ستەمانەیە، بەڵکە هەڵەیە، ئافرەت لە دوای ئەم تەمەنەش دەتوانێ ژیانێکی شاد بباتە سەر و سنوری بۆ نییە.. بەڵام بەمەرجێ گەر ئەو هەمو خەیاڵات و بیرۆکە نەخۆشانە لە مێشکی بهێنێتە دەرەوە و، تارمایی ملکەچ بون بۆ

نائومیدی لە ژیانیدا دەر بکات.

سەرەڕای هەمو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانیدا دێ، دەتوانێ خۆشی وەربگرێ بە گەیشتنی بە مێردەکەیەوە.. ئەو ئەم خۆشی وەرگرتنە بە هیچ حاڵێك قەدەغە ناکات، هەرگیز نابێتە بەربەست لە نێوان خۆی و مێردەکەی.. هیچ بەربەستێك لە نێوان هەردوکیان دا نییە لە دور و نزیکەوە دا، ئافرەت بۆ خۆی ئەم بەربەستە دروست دەکات، وا دەزانێ ئەرکی تەنها بریتییە لە سك پڕی و منداڵ بون!! پاشان هیچ ڕۆڵێکی نییە. هەمو شتێك بە لایەوە کۆتایی هاتوە. جا حوکمی لەناوچون لەسەر خۆی دەدات، چاوەڕوانی چارەنوسی حەتمی دەکات.. ئەمە ڕوانینێکی ڕەشبینانەیە بۆ ژیان، بەڵکە ئەوپەڕی ڕەشبینییە، ئافرەت تا کۆتا ساتی ژیانی دەتوانێ خۆشی لە ژیانی خۆی وەربگرێ. دەتوانێ سەرنج راکێشەر بێت، تاکو تەمەنی ژیانی ویستراو بێت، تەنها لەسەری پێویستە گرنگی بە تەندروستی و خەرامانی(رشاقة)ی خۆی بدات و ارێزگاری خۆ گرتن و دەرون ساغییەکەی بکات.

گومان نەبات بە گەیشتنی بەم تەمەنە ئەوا حوکمی نەبونی بەسەر دا دراوە و دەبێ و زەرورە نا ئومێد بێ و ڕەش بین بێ و بە ڕوانینێکی رەشەوە بڕوانێتە دنیا[12].

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان
ba8.org
walamakan.com

[12] جارێك بەرناردشۆ لە خەسوەکەی پرسی -کە تەمەنی هەشتا ساڵ بو-: لە چ تەمەنێك ئافرەت خۆشەویستی بۆ پیاو لە دەست دەدات؟ ئەویش بە گوێیدا چرپاندی و گوتی: (کوڕەکەم جۆرج، ئەم پرسیارە لە ئافرەتێکی لە من بەتەمەن تر بکە!).